# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## مۆزەکانی داپیرە

Skrevet av: Ursula Nafula
Illustret av: Catherine Groenewald
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.no

# مۆزەکانی داپیرە



Ursula Nafula
Catherine Groenewald
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 4



باخچەکەی داپیرە زۆر جوان بوو، پڕ بوو لە گەنمەشامی، هەرسەن و مانیۆك بەڵام لە هەموویان باشتر مۆزەکان بوو. ئەگەرچی داپیرە نەوەی زۆری هەبوون، بەڵام من بە نهێنی ئەوەم دەزانی کە داپیرە منی لە هەمووان خۆشتر دەویست. ئەو زۆربەی جار بانگی دەکردمە ماڵەکەی خۆی، هەروەها ئەو ڕازی زۆری بۆ باس دەکردم. بەڵام ڕازێك هەبوو کە داپیرە تا ئێستا بۆی باس نەکردبووم: ئەوەی کە ئەو مۆزە پێگەشتووەکانی لە کوێ دادەنا؟





دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دایکم و باوکم و داپیرەم بانگیان کردم. دەمزانی بۆچی. کاتێ شەو ڕاکشابووم کە بخەوم، زانیم کە ئیتر چی دیکە ناتوانم دزی نە لە داپیرە نە لە دایك و. باوکم و نە لە هیچ کەسێکی دیکە.



ڕۆژێکیان من زەمبیلەیەکی حەسیریم بینی لە دەرەوەی ماڵەکەی
داپیرە. کاتێ کە پرسیم ئەم زەمبیلە بۆچیە، تەنها وڵامی کە بیستم
ئەوەبوو کە: ئەمە زەمبیلەی جادوویی منە. لە تەنیشت زەمبیلەکە
گەڵای دار مۆزی لێ بوو کە داپیرە زوو زوو ئاوەژووی دەکردنەوە. من
کنجکۆڵ بووم. پرسیارم کرد، ئەم گەڵایانەت بۆچیە؟ تەنها وەڵامێکی
کە بیستم ئەوەبوو کە: ئەمانە گەڵا جادوویەکانی منە.





ڕۆژی دواتر ڕۆژی چوونە بازاڕ بوو. داپیرە بەیانی زوو لە خەو هەستا.
ئەو هەمیشە مۆزە پێشگەیشتوەکان و مانیۆکەکانی دەبردە بازاڕ بۆ
فرۆشتن. من ئەوڕۆژە بۆ بینی ئەو پەلەم نەکرد. بەڵام نەمتوانی لەوە
زیاتر فیڵ بکەم.



نیگاکانی داپیرە، مۆزەکان، گەڵای دارمۆز، زەمبیلەی حەسیری، هەموو ئەمانە زۆر سەیر بوون. بەڵام داپیرەم بۆ ئەنجام دانی کارێك منی ناردبوو بۆ لای دایکم. من پێداگریم کرد، داپیرە، من با لێرەبم کاتێك تۆ ئەمانە ئامادە دەکەی، من بیانبینم. داپیرە پێی وتم: ڕۆڵە لاساری مەکە، ئەو کارەی پێم ووتی ئەنجامی بدە. منیش بە غار ڕۆشتم.





ڕۆژی دواتر، کاتێ داپیرە لە باخچەکە بوو سەوزی لێ دەکردەوە، بە هێواشی هاتم و بە دزیەوە چاوم لە مۆزەکان کرد. تەقریبەن هەموو مۆزەکان پێگەیشتبوون. نەم توانی دان بە خۆدابگرم و دەستەیەکی چوار دەنکیم هەڵگرت. خەریك بوو بە ئەسپای بەرەو دەرگاکە دەرۆشتم، گوێم لە کۆخەی داپیرە بوو کە لە پشت دەرگاکە بوو. توانیم مۆزەکان لە ژێر. جلەکانم بشارمەوە بە بەردەمیدا تێ پەڕیم.



کاتێك کە گەڕامەوە، داپیرە لە دەرەوە دانیشتبوو بەڵام نە مۆزەکانم بینی نە زەمبیلە. کوتم: داپیرە، کوا زەمبیلەکە، کوا مۆزەکان و کوا ... بەڵام تەنها وڵامێك داپیرم وڵامی دامەوە ئەوەبوو کە کووتی: مۆزەکان لە شوێنە جادوویەکەی منە. زۆر بێ ئومێد بووم.





ڕۆژی دواتر، کاتێك کە داپیرە هات بۆ سەردانی دایکم، من بە خێرای چوومەوە بۆ باخچەکەی داپیرە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە چاو لە مۆزەکان بکەمەوە. بینیم بەستەیەك مۆزی پێگەیوو لە وێ بوو. یەکدانەم هەڵگرت و لە ناو عەزیەکەم شاردمەوە. دوای ئەوەی زەمبیلەکەم داپۆشیەوە، چوومە پشت خانووەکە و بە خێرای مۆزەکەم خوارد. پێشتر هەرگیز مۆزی وا شیرینم نەخورادبوو.



دوو ڕۆژ دواتر داپیرە منی نارد گۆچانەکەی لە ژوورە خەوەکەی بۆ بێنم. هەر ئەوەی کە دەرگاکەم کردەوە، بۆنی تووندی مۆز ژوورەکەی پڕ کردبوو. لە ژووری ناوەوە زەمبیلە حەسیریەکەی داپیرەی لێ بوو. زەمبیلەکە بە پەتۆیەکی کۆن داپۆشرابوو. من پەتۆکەم لابرد و عەترێکی دڵنشیم بۆن کرد.





لە گەڵ دەنگی داپیرە ڕاچڵەکیم کاتێ ووتی: ئەوە تۆ چی دەکەی؟ پەلە بکە و گۆچانەکەم بۆ بێنە. منیش زۆر بە پەلە گۆچانەکەم بۆ برد.
داپیرە ووتی: ئەوە بە چی پێ دەکەنی؟ پرسیارەکەی داپیرە ئەوەی تێگەیاندم کە من هێشتا زەردەخەنە دەکەم بە هۆی دیتنەوەی شوێنە جادوویەکی داپیرە.